**حەسەن ئەیوبزادە- مافناس**

# شکل و ناوەرۆکی پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان

پرۆژەی دەستوری "هەرێمی کوردستان" لەشکل و ناوەرۆکی ئێستایدا ناتەواوە. بەشێک لە بنەماکانی حقووقیی ئەو پرۆژەیە، ناتەبان و پێوەندییەکی مەنتیقیی (ژیربێژیی – لۆژیک) ییان پێکەوە نییە.
پێویستە کۆڕێک لە مافناس و کوردیینووسان بەو دەقەدا بچنەوە و بە زمانی کوردیی دایرێژنەوە.
لەمەر پێویست نەبوونی سەردێری " بەناوی خوای بەخشندەو دلۆڤان" لە پێشەکیی ئەو دەستورەدا ئەو پرەنسیپانە وەبەرچاو نەگیراوە:

ئەو قانوونە، پەیمانێکە لە نێوان دانیشتوانی وڵات کە، بێ وەبەرچاوگرتنی جیاوازیی ئایینی، نژادیی، زمان، فەرهەنگ و جنس پەسند دەکرێ. لەو ڕووەوە نابێ، ئیمتیاز وفڕی ئایینی بەشێک لە دانیشتوان بەسەر ئەوانیدیکەدا زاڵ بێ. زۆرایەتی باوەڕمەندانی ئایینێک لە کۆمەڵگادا مافی زیدەخوازیی وسەرپشکیی بۆ ئەو زۆرایەتییە ناخولقێنێ.
ویکتۆر هۆگۆ نووسەری بەناوبانگی فەرەنسی لە نامەیەک دا بۆنووسەرانی قانوونی ئەساسیی فەرەنسەی نووسێ، ڕەخنەی لێگرتبوون کە بۆچی قانوونی ئەساسیی فەرەنسەیان بە ناوی خودا بڵاوکردبووە. لەولینکە بڕوانە!

[http://www.webinfohebdo.com/wih/N%C2%B0%20121%20-%202006%20-%20Semaine%2037.aspx#_Toc146357380](http://www.webinfohebdo.com/wih/N%C2%B0%20121%20-%202006%20-%20Semaine%2037.aspx#_Toc146357380)

قانوونی ئەساسیی نابێ لایەنگری ئایین، یان دژی ئایین بێ. ئیمتیازو سەرپشکییدان بە ئایینێک بە پێچەوانەی مافی یەکسانیی مرۆڤ لە بەرامبەر قانوونە. ئوسولو بنەماکانی قانوونی ئەساسیی بە پێچەوانەی ئایین، نەگۆڕنین. لە ڕەوتی بەرەو پێشچوونیکۆمەڵگاو ئاڵوگۆرەکانیدا ئاڵوگۆڕیان تێدا دەکرێ.
لەبەر ئەوە نووسین و پەسندکردن و ڕاگەیاندنی ئەو قانوونە بە ناوی خودا پێچەوانەی ئەسڵی ئازادیی ئایینە. ئەوە پەیمانی پەسند کراوی ئەندامانی کۆمەڵگایەو پێوەندیی بە ئایینی گرووپێکەوە نییە. خەڵک سەرچاوەی حاکمییەت و دەسەڵاتە. خەڵکی وڵاتێکیش بریتییە لە پرانیی خەڵک بە هەموو ئایین و جیاوازییەکانیانەوە. زۆرایەتیی کە لە نیزامێکی دێموکراتیکدا حکومەت دەکا و دەوڵەت پێکدێنێ، ناتوانێ مافی کەمایەتیی وڵاتەکەی پێشێل بکا. نوێنەرانی هەڵبژێردراوی خەڵک لە چوار چێوەی قانوونی ئەساسییدا بەرنامەراگەیاندراوەکانی خۆیان بە وەرچاوگرتنی مافی یەکسانیی هەموو دانیشتوانیی وڵات بەڕێوە دەبەن. ئەو ئەسڵە جیهانییەیە کە هەموو لەبەرامبەر قانووندا ماف و دەرفەتی یەکسانیان هەیە. ئوسولی ئایینیی نەگۆڕن. حوکمی ئایینیی ڕەجم، سەنگسارکردن، دەستبڕین، قصاص( تۆڵە ئەستاندنەوە)، ژیانی چەند هاوسەریی ، حوکمی جیهاد و"ارتداد"، لە کۆمەڵگاکانی بەشەریی ئەم سەردەمەدا بەڕێوە ناچن.

پێشەکیی ئەو پرۆژەیە، بەیانییەی حیزبێکی سیاسییە. وێڕای ئەوە کە دەقێکی پاراوو ڕێک وپێک نییە، پێوەندییەکیشی بە قانوونی ئەساسیی وڵاتەوە نییە. ئەو دەقە،لە زانستی ئەدەبیی و هونەریی زمانی کوردیی بە دووره وستروکتوری زمانی بەکار هێنراو بۆ نووسینی ئەو پرۆژەیە عەرەبییە نە زمانی کوردیی. هەر وەها هەڵەی بەرچاوی تێدایە.

دەکرا نووسەرانی ئەو پرۆژەیە لە ئەزموونی وڵاتانی جیهان و بە تایبەتی دەستوری باشوری سودان کە نووسەری ئەم وتارە لە هەڵسەنگاندنی گەلاڵەی قانوونی ئەساسییعێراقدا ئاماژەی پێکردبوو بە وەبەرچاوگرتنی هەل و مەرجی سیاسیی خەباتی ئازادیخوازانەی خەڵکی ئەو وڵاتە لەگەڵ هەلومەرجی باشوری کوردستان یەکسانە کەڵک وەرگرن. قانونی ئەساسیی باشوری سودان کامڵترین قانوونێکە کە تا ئێستا بۆ وڵاتێکی جیهانی سیهەم کگە نیزامی فێدراڵیی هەیە نووسراوە. لەو قانوونەدا دابەش‌کردنی دەسەڵات لە نێوان حکومەتی ناوەندیی و دەوڵەتی باشوری سودان بە وردیی دیارییکراوە. ئاماژەکردن بە قانوونی ئەساسیی باشوری کوردستان لەو رووەوە پێویستە کە ئەو دەستوورە دۆکۆمێنتێکی نێونەتەوەییە. چونکە لەلایەن دەوڵەتی ناوەندیی سودان، یەکێتیی وڵاتانی ئەفریقا، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، یەکێتیی ئوروپا و اتحادییەی عەرەبەو بە رەسمیی ناسراوە. دەقی ئەو دەستورە لەو لینکەی خوارەوەدا بە زمانی ئینگلیزیی بخوێنەوە!

http://www.mediafire.com/download.php?jyzdo0mzzdt

سیاسەتی پشتی پەردەی حیزبە سیاسییەکانی باشوری کوردستان و کێبەرکێی سەرۆک حیزبەکان بۆ خۆ وەپێش‌دان بە حیسابی گەلی کورد و رێککەوتنی سەرۆک تاڵەبانیی لەگەڵ بریمێر بۆ دابەزاندنی پرۆژەی ( فێدرالیسمی ئیداریی)ئەو وەزعە پر مەترسییە نەدیارەی ئێستای لێکەوتەوە. قانوونێکی کە ئێستا دەنووسرێ دەبوو بەر لە قانوونی ئەساسیی عێراق نووسرابایە. مخابن کات و دەرفەتی دۆڕاو ناگەڕێتەوە. گوشار بۆ کورد لەسەر پێداچوونەوەی قانوونی ئەساسیی لە لایەن حیزبەکەی مالکیی یەوە گرژە. بۆ هەلومەرجێکی نالەباری ئەوتۆ کە کورد ناچاربێ ملی بۆڕاکێشێ، پێویستە بنەماکانی رێککەوتنی باشوری سودان کە لە قانوونی ئەساسیی ئەو وڵاتەدا دیاریکراون و دەوڵەتی ناوەندیی پەسندیی کردوون وەکو دۆکۆمێنتێکی نێونەتەوەیی بۆ دابەشکردنی دەسەڵات وەبەرچاو بگیرێ. ئەگەر دەرفەتێک بۆ پێداچوونەوەی پرۆژەکە هەبێ، وەرگێڕانی قانوونەکە بە زمانی کوردیی زۆر ناخایەنێ.

وشەی هەرێم ، بە کوردییکراوی "حریم"ە. حریم یان هەرێم، چەمکێکی جوغرافیی- سیاسیی کۆن ونامۆیە. لە 27 وڵاتی خاوەن سیستمی حکومەتیی فێدراڵیی لە جیهاندا، قەوارەیەکی جوغرافیی- سیاسیی داتاشراوی هاوکوفی " هەرێم" وجودی نییە.
مخابن بەکارهێنانی ئەو وشەیە لە قانوونی ئەساسیی کوردستاندا، دابڕاویی باشوری کوردستان لە بەشەکانی دیکەی کوردستان بە ڕەسمیی رادەگەیەنێ. دەبوو لەو پرۆژەیەدا لە جێی وشەی" هەرێم" "باشوری کوردستان" بنووسرێ. چونکە عێراق لەلایەن عەرەبەکانەوە بە بەشێک لەسەرجەمی وڵاتانی عەرەب پێناسە دەکرێ و خەڵکەکەشی بە بەشێک لە ئومەی عەرەب دەزانرێ.
هێندێک لە سیاسەتڤانەکانی کورد سەرەڕای ئەوە کە بەردەوام باس لە" هەرێم" ی کوردستان دەکەن، ئەو وتە ناراستەیان رەت کردووەتەوە و دەڵێن: کوردستان بەشێک نییە لە جوغرافیای سیاسیی وڵاتانی عەرەب. ماددەی 7 ی ئەم پرۆژەیەش ئەو واقعییەتەی دەربڕیوە.
نێزامی فێدراڵیی، زاراوە و چەمک وپێناسەی خۆی هەیە." اقلیم"، هەرێم و حریم، ناوچە، بەش... لە جیهانی ئەمرۆدا هاوتای وشەی " وڵات" واتە State نییە.
گۆڕینی ناوی پرۆژەکە بە پرۆژەی قانوونی ئەساسیی دەوڵەتی باشوری -کوردستان گرنگ و گونجاوە، چونکە ئەو زاراوەیە وشەی دەوڵەت و باشوری کوردستان وهەموو واقعییەتێکی جوغرافیایی و ستاتویەکی ناسراو و هوویەتی کوردستانیی ئەوبەشە کە ئازادانە بە عێراقەوە لکێندراوە پێناسە دەکا. بروانە لینکی پرۆژەی دەستوور!

http://www.mediafire.com/?sharekey=c8843cf93ffbf83e8d78a0e5552916099c3fa20cd06d92105be6ba49b5870170

زاراوەی " ئێمە، گەلی کوردستان- عێراق"
پێناسەیەکی ناتەواو و هەڵەیە.
ئێمە، گەلی کوردستان نین. گەلێک بە ناوی کوردستان و گەلی هەرێمی کوردستان وجودی نییە. ئەوەی هەیە" گەلی کورد" و خەلکی کوردستانە. کوردستان ژینگەی کوردە.
گەلی خوزستان، گەلی تورکستان، گەلی عەرەبستان، گەلی ئەرمەنستان و گەلی ئازەربایجان وجودیان نییە. ئەوەی هەیە گەلی عەرەبی خوزستان، گەلی تورک، گەلی عەرەب، گەلی ئەرمەن و گەلی ئازەرییە.
کورد لە ئەدەبیاتی سیاسیی خۆیدا، بە شێوەیەکی ئەمرۆیی لە وشەی سیاسیی باوی سەردەم بۆ پێناسەکردنی هوویەتی خۆی کەلک وەردەگرێ. کورد خۆی لە وشەی" ئۆمەت" ی عەرەب و تورک میللەتی و ملت ایران دا ناتوێنێتەوە. داگیرکەرانی کوردستان بۆ ئەوە هوییەتی گەلانی وڵاتداگیرکراو تونابکەن باس لە" ئۆمەی عەرەب " تورک میللەتی" و "ملت ایران" دەکەن.کەلک وەرگرتن لە وشەی میللەتی کورد یان وشەی ناسیۆنی کورد بۆ پێناسەکردنی پێگەی سیاسیی هەبوونی سەربەخۆی کورد لەو پرۆژەیەدا پێویستە.

گوترا کە نووسەران، ستروکتوری زمانی کوردییان بۆ نووسینی ئەو پرۆژەیە لەبەرچاو نەبووە و هەڵەی زەقی تێدایە. بۆ وێنە نووسینی وشەی "نەوە" لەو پێشەکییەدا هەڵەیەکی بەرچاوە. لە دوو دێری سەرەتای ئەو پێشەکییەدا نووسراوە:
" ئێمە گەلی کوردستان- عێراق ، لە هەستکردنمانەوە بەو دژوارییەی نەوەکانمان چەشتویانە لە ...
نەوەکانمان کام دژوارییان چەشتووە؟!! ئێستا ئەوان نەهاتوونە سەرزەوی. مامۆستای نووسەری ئەو دەقە وشەی " نەوە "ی لە جێی پێشینان، ئاباو ئەژدادو باوو باپیران داناوە.

بۆ نووسینی ئەو دەقە، ڕێوشوێنی نووسین، خاڵبەندیی و وێرگول( فاریزەدانان ) وەبەرچاو نەگیراوە.
زەمانی ڕابردوو ئیستا و دادێ ( ماضی و مضارع) لە یەکتر جیانەکراونەوە.
بە جێی وشەی دەروازە ،( باب عەرەبێی). لە زمانی کوردییدا بۆ بەشێک لە کتێب و نووسراوە وشەی پاژ، بەش و کەرت دەنووسرێ. هێنانی وشەی دەرگاو دەروازە لە بری ئەووشانە نامۆیە.
بنەما سەرەکییەکان، ماددەی( 1 )

**پەرلەمانی کوردستان - عێراق          پرۆژەی دستووری هەریمی کوردستانی عێراق**

**دەروازەی یەکەم**
**بنەما سەرەکییەکان**

**ماددەی (1)**

**کوردستان - عێراق هەرێمێکە لە نێو دەوڵەتی عێراقی فیدراڵیدا، سیستەمە سیاسیەکەی پەرلەمانی، کۆماری و دیموکراتیە و پشت بە فرە لایەنی سیاسی و بنەمای لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و دەستاودەستکردنی ئاشتیخوازانەی دەسەڵات لە ڕێگای هەڵبژاردنی گشتی ڕاستەوخۆی نهێنی و دەوریەوە دەبەستێ.**

دەقی کوردیی ئەو قانوونە لە دوارۆژدا سەرچاوەیە (مرجع). ئەگەر لە شرۆڤەکردنی قانوونەکەدا گرفتێک بێتەئاراوە ئەو دەقەکوردییەیە ئەسڵ و بنەمایە کە لە پارلماندا یان لە گشتپرسییدا دەنگی بۆدراوە. واتە " فصل الخطاب" و رەسمییە.

پێناسەی سیستمە سیاسییەکەی "هەرێم" لەو ماددەیەدا ناروونە کە کە ئایا ئەو پێناسەیە بۆ " هەرێمی کوردستان" ە یان بۆ "دەوڵەتی عێراق "
"دەوڵەتی عێراقی فێدرالّی"، لەرووی زمانەوانییەوە ناتەواوە. دەبی بنووسری :
دەولەتی فێدڕالّی عێراق. چونکە سیستمی حاکمییەتی عێراق فێدڕالە نە عێراق. وشەی فێدڕاڵ پێناسەی دەوڵەتەکە دەکا. وەکو "، دەولەتی شاهەنشاهیی ئێران"، دەوڵەتی جمهووریی ... ئێران. ئەگەر دەوڵەتە کە نەنووسریێ ئەو کاتە " عێراقی فێدڕاڵ" ی پێ دەگوترێ کە مەبەست چەشنی حومەتەکەیەتی.
لەو نووسینەدا لە نێوان عێڕاقیی و عێراقی دا جیاوازییەک نابیندرێ. نووسەر سەرنجی نەداوەتە رێنووسی زمانی کوردیی.

## ماددەی (2)

**یەکەم : کوردستان - عێراق قەوارەیەکی جوگرافیایی مێژووییە، پێکدێت لە پارێزگای دهۆک بە سنووری کارگێڕی ئێستایەوەی و لە پارێزگاکانی کەرکووك و سلێمانی و هەولێر و قەزاکانی ئاکرێ و شێخان و سنجارو و تلکێف و قەرەقوش و ناحیەکانی زمار و بەعشیقە و ئاسکی کەلەك لە پارێزگای نەینەوا و هەردوو قەزای خانقین و مەندەلی لە پارێزگای دیالە. ئەمانەش بە سنووری کارگێڕیی پێش ساڵی 1968 یانەوە.**

**دووەم : سنوورە سیاسیەکانی هەریمی کوردستان – عێراق، بە پشت بەستن بە جێبەجێکردنی ماددەی (140) ی دەستووری فیدراڵیەوە، دیاردەکرێن.**

**سێیەم : نابێ هەریمێکی نوێ لە نێو سنووری هەریمی کوردستان دابمەزرێندرێ.**

ماددەی دووهەم بەو شێوەیەی کە نووسراوە ناتەواوە. چونکە "کوردستان – عیڕاق" ، قەوارەیەکی جوغرافیی- مێژوویی نییە. ئەو قەوارەیە بەشێکە لە کوردستانێکی دابەشکراوو تەمەنەکەی لە نەوەت ساڵێک تێناپەڕێ.
هەر وەها وشەی" پێکدێت" لەماددەی یەکدا بۆ ئێستاو دادێیە. حاڵەتێکی هەڵاوەسراوو سەقام نەگرتوو دەگەیەنێ. پێویستە لە وشەی" پێکهاتووە" لە جێی پێکدێ کەڵک وەربگیرێ.( ماضی نقلی).
کوردستان لەو ماددەیە و لەو شکڵەی ئێستایدا جارێکی دیکەش دابەش کراوە.
"سنوری سیاسیی"" هەرێمی کوردستان؟
پێویست بوو وشەی (جوغرافیای- سیاسیی) لە جێی سنوری سیاسیی بنووسرێ.
شێوەی داڕشتنی بەندی دووهەم دەبوو بەو شێوەیە بێ:
سنوری جو غرافیی - سیاسیی کوردستان سنوری ئەو ناوچانەن کە لە بەندی یەکی ماددەی دوودا ناودێر کراون.مادەی 140 دەستوری عێراقی فێدراڵ، کات و شێوەی گەڕاندنەوەی ئەو ناوچە دابڕاوانەی بۆ سەر باشوری کوردستان دیارییکردووە.

14.08.2009

http://www.mediafire.com/?sharekey=1aa4f74493aeaea607258ee67c679e4a1cb58407e454dfb65621d66e282a0ee8

**ماددەی (3)**

**یەکەم : گەل سەرچاوەی دەسەڵاتە و ڕەوا بوونیەتی، کە لە ڕێگای دام و دەزگا دەسووریەکانیەوە یادەی دەکات و دەستوور و یاساکانی هەریمی کوردستان**

www.perleman.org



**سەروەری و بالادەستیان بەسەر هەموو ئەو یاسایانەدا هەیە کە لە لایەن حکوومەتی عێراقەوە دەردەچن و بەدەرن لە دەسەڵاتە ئاینیەکان (حصری) دامودەزگا فیدراڵیەکان کە لە مادەی (110)ی دەستووری کۆماری عێراقی فیدراڵیدا هاتوون.**

**دووەم : یاسای فیدراڵی لە سەرەوەی و بالادەستیی دەستووری هەریمی کوردستان و یاساکانی و ئەو دەسەلاتانەی کەم ناکەنەوە کە لە ماددەی (115) و برگەی دووەمی ماددەی (121)ی دەستووری فیدراڵ دا هاتوون، ئەگەر کاروبارێکی لە خۆ گرت کە دەکەوتنە چوارچێوەی ئەو دەسەلاتە تایبەتیانەی لە ماددەی (110)ی دەستووری فیدراڵیدا بە دام و دەزگا فیدراڵیەکان دراون و کاروبارێکی دیکەشی لە خۆ گرت کە بە دەربوون لەو چوارچێوەیە.**

## ماددەی سێهەم

لە وتاری یەکەمدا، پێویستیی پێداچوونەوە و داڕشتنەوەی دەقی پرۆژەی دەستورەکە ، ناوی هەرێم، زاراوەی هەڵەی "گەلی کوردستان"، باسکرا. گوترا کە پرۆژەی دەستوورەکە ناتەواوە. زمانەکەی نە حقووقیی و سەقەتە. بەندەکانی بە شێوەیەکی مەنتیقیی( ژیربێژانە)لێکتر گرێنەدراون. پێویستە ئاماژە بەو خاڵە گرنگەش بکرێ کە، بەندەکانی قانوون دەبێ وەکو ئاڵقەی زنجیر پێوەندییەکی جیانەکراوەیان پێکەوە هەبێ. چونکە پسانی هەرکام لەو بەندانە تەواوەتی بنەماو ئەساسی قانوونەکە هەڵدەتەکێنێ.
پێویست بوو بەر لەنووسینی ماددەی سێهەم کە باس لە دەسەڵات و حکومەت و حاکمییەت دەکا ، مافەگشتییەکانی دانیشتوانی کوردستان بنووسرێن. نووسەر یان نووسەران کتوپڕ پەڕیونەتە سەر دەسەڵات. دیاریشیان نەکردووە کە مەبەستیان لە دەسەڵات چییە؟
وێدەچێ کە دەسەڵاتیان بە مانای حاکمییەت لەبەرچاو بووبێ. چونکە ڕادەگەیەندراوە کە، لە ڕێگای دامودەزگا دەستوورییەکانەوە[ دەسەڵات] پیادە دەکرێ. لەوردبوونەوەیەکی زیاتردا دەردەکەوێ کە دەسەڵات بەمانای هێز( قوە)بەکارهێنراوە. لێرەدا سێ دەسەڵاتی سەرەکیی کە بریتین لە قانوونیی، دادوەریی و بەڕێوەبەریی ( ئیجرائیی، دەولەت) وێکرا لە نێو وشەی حاکمییەتدا جێ دەگرن.

لەمادەی سێهەمدا ، بێ ئەوە باس لە ئەسڵ و پرەنسیپێک کرابێ، کتوپڕ نووسراوە:
یەکەم: گەل سەرچاوەی دەسەڵاتە و ڕەوا بوونییەتی.
نووسەر ویستوویە بنووسێ: گەڵ سەرچاوەی دەسەڵات و ڕەوا بوونێتی.
ئەو بەندە گرنگترین ئەسڵی دێموکراسییە. چونکە سەرچاوەی سەرەکیی قانوونەکە دیاری دەکا. واتە، خەڵک دانەری قانوون، بەڕێوەبەری قانوون و داوەری قانوونە. هێڵەکە ڕوونە. ئەو بەندە نەئایینیی بوونی سەرچاوەی قانوونەکەش ڕادەگەیەنێ.

ئەو  ماددەیە لە ئەسڵی 3 ی قانوونی ئەساسیی فەرەنسە وەرگیراوە کە بە وردی ئەو ویستەی  بەو شێوەیە دەربڕیوە:
" سەرچاوەی حاکمییەتی نەتەوەیی ، خەلکە. ئەو حاکمییەتە  لەلایەن نوێنەرانی خەلکەوە کە  لە ڕاپرسیدا هەڵبژێردراون بەڕیوە دەچی. هیچ گرووپ و تاکێک بۆی  نییە  بەڕێوەبردنی حاکمییەت بە مافی خۆی بزانێ. ڕاپرسی بە شێوەی ڕاستەوخۆ یان ناراستەوخۆ، بە نهێنیی و لە هەلومەرجێکی یەکساندا بەو جۆرەی کە لە قانوونی ئەساسیدا دیاری دەکری بەڕێوە دەچێ.  هەموو  هاونیشتمانانی فەرەنسیی ( ژن و پیاو) کە لە تەمەنی قانوونیی دا خاوەنی مافی سیاسیی و مەدەنین مافی بەشداریی لە هەڵبژاردنیان هەیە.
وەکو دەبینین ئەو بەندە لە دقی پرۆژەکەدا زۆر بە ناکاملّیی و ناروون گەلاڵە کراوە. پێویستە ماددەی سێی دەستوورەکە  هەر بەو شێوەیەی کە لە ئەسڵی سێهەمی قانونیفەرەنسەدا هاتووە، بەتەواوی بنووسرێ.
بەندی دووهەمی ماددەی سیهەم تێکەڵ و پێکەڵە و لەروی زمانەوانیی‌یەوە هەڵەی زەقی تێدایە. ئەو بەندە دەبێ سەرلە نوێ دارێژرێتەوە. بڕوانە :"... ئەگەر کاروبارێکی لەخۆگرت کە دەکەونە دەبێ بنووسرێ[ دەکەوێتە] و... دراوون[دراون] یان ئەو چەند وشەیەی کە بەدوای یەکتردا نووسراون و خەبەرێکیان بۆ نەنووسراوە: " کاروبارێکی لە خۆگرت کە بەدەربوون[ بەدەرن] لەو چوارچێوەیە. ڕەنگە تەنیا نووسەر بزانێ مەبەستی لەو دێڕە ناتەواوە چیبووە.

## ماددەی (4)

**پەرلەمانی کوردستان بۆی هەیە هەر یاسایەکی فیدراڵی لە هەریمدا بخاتە کار کە بەدەربێ لە تایبەتمەندی (حصری) دەسەڵاتەکانی فیدراڵی کە لە ماددەی (110)ی دەستووری کۆماری عێراقی فیدراڵیدا هاتوون.**

## ماددەی (5)

**گەلی هەریمی کوردستان پێکهاتوە لە کورد، تورکمان، عەرەب، کلدان، سریان ئاشووری، ئەرمەن و هاووڵاتیانی دیکەی هەریمی کوردستان.**

لە ماددەچواردا  نووسراوە کە :
پەرلمانی کوردستان بۆی هەیە هەر یاسایەکی فێدراڵیی لە هەرێمدا بخاتەکار کە بەدەربێ لە تایبەتمەندیی (حصری) دەسەڵاتەکانی فیدراڵیی  کە لە ماددەی 110 ی دەستوری کۆماری عراقی فێدڕاڵیدا هاتوون."

نووسەری ئەو پڕۆژەیە دەورێ پارلمانی کوردستانی وەکو کارگێڕێکی پارلمانی عێراق نرخاندووە. پەرلمان یاسا ناخاتەکار. پەرلمانی کوردستان  دانەری قانوونە. هەر بڕیارێکی پارڵمان لە کۆبوونەوەی ڕەسمیی نوێنەرانی خەلـکدا بە زۆربەی دەنگ پەسند بکرێ، دوای تەشریفاتی قانوونیی و ڕاگەیاندنی لە ڕۆژنامەی ڕەسمیی‌دا بە قانوون دەناسرێ. لەبەر ئەوە، بە پێی ماددەی 3 کە لەسەرەوە باس کرا  ئەو قانوونانەی دەوڵەتی فێدڕاڵی عێراقیش بێجگە لەوانەی  کە  لە ماددەی 110 قانوونی ئەساسیی (دەستور)دیاریکراون(حصری)  بۆ ئەوە بە قانونی دەوڵەتی باشوری کوردستان بناسرێن دەبێ لە پارلمانی کوردستاندا بخرێنە بەر باس و پەسند بکرێن. بێ پەسندکردنیان لە لایەن پارلمانی کوردستانەوە بە ڕێوە نابردرێن.

ماددەی 5 " گەلی هەرێمی کوردستان پێکـهاتووە لە کورد، تورکمان...

پێشتر باس کرا، گەلێک بە ناوی گەلی هەرێمی کوردستان یان گەلی کوردستان وجودی نییە. ئەوەی هەیە گەلی کوردە. کوردستانیش زێدو نیشتمانەکەیەتی. تورکمەن، عەڕەب، سوریانیی... لە کوردستان کەمایەتین و سەر بە نەتەوەی دیکەی نە کوردن. بە ڵام شاروەندی خاوەن مافی وەکویەکی کوردن و لە کوردستاندەژین. نووسینی ئەو ماددەیە بەو چەشنە نائاسیی و ناڕاستە. "گەل" مانای سیاسیی خۆی هەیە. کەمایەتیش مافی دیاریکراوی خۆی هەیە و دەبێ ئەو مافەش لە قانووندا بنووسرێ.
مەسەلەی بێلایەنیی دەوڵەت سەبارەت بە ئایین و دانی دەرفەتی یەکسان بە هەموو دانیشتوانی کوردستان بۆ پاراستنی یەکێتیی وڵات خاڵێکی گرنگە. دانیشتوانی کوردستان دەبێ بێ وەبەرچاوگرتنی جیاوازیی ئایینیی، زمانیی و نژادیی ... لەبەرامبەر قانووندا ماف و دەرفەتی یەکسانیان هەبێ.
دابەشکردنی کۆمەڵگای کوردستان بە ئایینیی و نە ئایینیی، ئیسلامیی و نە ئیسلامیی... بە پێی دەستور ئەو وەزعە لەرزۆک و ناعادڵانەیە پێک دێنێ کە لە ئێرانی ئاخوندیی لە ئارادایە.
لەو رووە وە پێویست ناکا ئەوماددەیە لەو دەستوورەدا بەو چەشنە بنووسرێ. لە هەبوونی ئازادیی و دەرفەتی یەکسان و بەرابەریی مرۆڤ لەبەرامبەر قانووندایە کە وڵاتێکی وەکو ئەمریکا دەبێتە خاوەنی سەرۆک کۆمارێکی رەشپێستی باپیرکۆیلە.

2009/8/23

## ماددەی (7)

**گەلی کوردستان - عێراق مافی دیارکردنی چارەنووسی خۆی هەیە و بە ویستی ئازادانەی خۆی ئەوەی هەڵبژاردووە کە کوردستان هەریمێکی فیدراڵی بێ لە چوارچێوەی عێراقدا مادام عێراق پابەند بێ بە سیستەمی فیدراڵی، دیموکراتی، پەرلەمانی، فرەلایەنی و مافەکانی تاکو کۆی مرۆڤەوە، بەو جۆرەی کە لە دەقی دەستووری فیدراڵیدا هاتووە.**

ماددەی 7 هەڵە بووونی زاراوەی داتاشراوی" گەلی کوردستان- عێڕاق" کە لەماددە5 دا پێناسەکراوە دەردەخا. ئەگەر عەرەب، کەلدان، ئاشور ، تورکمان و سریان کە هەرکام بە گەلو بەشێک لە گەلی کوردستان ناسێندراون و نەیانەوێ خۆیان لە چوارچێوەی ئەو قانوونەدا جێبکەنەوە، کورد چۆن دەتوانێ ئیددیعای یەکپارچەبوونی باشوری کوردستان و کوردستان بوونی ئەو ناوچانەبکا کە ئەو بە ناو " گەلانەی" تێدا نیشتەجێن؟
کەلدان، ئاشوور، تورکمان و... کەمایەتیی نێشتەجێی کوردستانن. پێویستە مافی کولتوریی- فەرهەنگیی ئەوان لە قانوونی ئەساسییدا وەکو کەمایەتیی دیاری بکرێ.
جیا لەو هەڵەیە کە باسیکرا و پێویستە راستبکرێتەوە، دەبێ بۆ ئەو مەرجە زەمانێک دیاری بکرێ. ئەگەرئەو مەرجە نەهاتە دی ، ئایا دەکرێ بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی یەکگرتوویی لەگەڵ عێڕاق یەکلایەنە بدرێ و بە پێیئەو پێناسە داتاشراوە کورد لەتوانایدا دەبێ ئەو کارەبکا؟ ئەگەر" ئەو بە ناو کەلدان، ئاشوور،سریان، تورکمان و عەرەبە کە کراون بە گەلی کوردستان رازی نەبن لە عێراق جیاببنەوە و چارەنوسی خۆیان لە چارەنووسی کورد گرێبدەن مکانیزمێک بۆ جێبەجێکردنی ئەو ماددەیە هەیە؟

پێویستە بۆ بنەبڕکردنی ناکۆکییەکان و گەیشتن بە یەکێتییەکی خوازیارانە لەگەڵ عێڕاق ماوەیەک دیاری بکرێ و بنووسرێ: ئەگەر دەوڵەتی ناوەندیی عێڕاق پابەند بە دەستوری پەسند کراو نەبێ، گەڵی کورد لە رێفراندۆمێکدا بڕیاری خۆی بۆ مانەوە یان کشانەوە لەو یەکگرتوویییە دەدا. دەوڵەتی باشوری سودان و حکومەتی ناوەندیی ئەو وڵاتە، لە قانوونی ئەساسیی دا ماوەیەکی 5 ساڵییان بۆ ئەو مەبەستە دیاریی کردووە.

## ماددەی (8)

**یەکەم :** ئەو پەیماننامە و ڕێککەوتننامە نێو دەوڵەتیانەی کە حکوومەتی فیدراڵ لەگەڵ هەر دەوڵەتێک یان لایەنێکی بیانیدا مۆریان دەکا و پێوەندیان بە پێگە یان بە مافەکانی هەریمی کوردستانەوە هەیە، کاریان پێدەکرێت لە هەریمدا ئەگەر پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە زۆرینەی ڕەهای ژمارەی ئەندامانی ڕەزامەندیان لەسەر بدات.

**دووەم :** هەتا پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە زۆرینەی ڕەهای ژمارەی ئەندامانی ڕەزامەندی نەدات، کار بەو پەیماننامە و ڕێککەوتننامانە ناکرێت بەرامبەر بە هەریمی کوردستان کە حکوومەتی فیدراڵ لەگەڵ دەوڵەتێکی بیانی مۆریان دەکات ئەگەر هەندێ پرس لەخۆ بگرن کە لە دەورەی ئەو دەسەلاتە (حصرية) تایبەتیانە بن کە بەپێی ماددەی (110)ی دەستووری فیدراڵی، بۆ حکوومەتی فیدراڵ دیار کراوون.

**سێیەم :** هەریمی کوردستان مافی ئەوەی هەیە ڕێککەوتننامە لەگەڵ دەوڵەتە بەیانییەکان، یان هەریمەکانی نێویانەوە مۆر بکات سەبارەت بەو پرسانەی ناکەونە نێو ئەو دەسەلاتە (حصرية) تایبەتیانەی کە بەپێی ماددەی (110) لە دەستووری فیدراڵدا، بۆ حکوومەتی فیدراڵی دیار کراوون.

**چوارەم :** ئەو ڕێککەوتننامانەی لە نێوان هەریمی کوردستان و دەوڵەتانی بیانی، یان هەریمەکانی نێویانەوە مۆر دەکرێن دەخرێنە بەرچاوی حکوومەتی فیدراڵ بۆ پەسەند کردن و ئەگەر حکوومەتی فیدراڵ لەبەر چەند هۆیەکی دەستووری و یاسایی ڕەزامەندی لەسەر نەدان جێبەجێ ناکرێن.

شکڵی دارشتنی ئەوماددەیە نائاسیییە. بێ ئەوە باس لە بابەتێک کرابێ، باس لە لق و پۆپی کراوە.
لق و پۆپی ماددەی 8 باس لە پەیماننامە و ڕێککەوتننامەدەکا. پەیماننامە قەراردادی نێونەتەوەییە. پێویست نییە وشەی ڕێککەوتننامە ی لێزیاد بکری. لە بری وشەی حکومەتی فێدڕا ڵ وشەی دەوڵەتی فێدڕاڵ دەنووسرێ.نووسینی وشەی "حکومەت" بە جێی وشەی دەوڵەت کەمتر باوە .
شێوەی دارشتنی ماددەکەش ناتەواوە. حاڵەتی ڕستەکە شەرتییە. لەو حالەتەدا ئەو دێڕە بەو جۆرە دەنووسرێ: پەیمانێکی کە دەوڵەتی فێدڕاڵی عێڕاق لەگەڵ دەوڵەتێکی دیکە مۆری دەکا و پێوەندیی ڕاستەو خۆ یان ناڕاستەوخۆی بە باشوری کوردستان و مافەکانی کورد و کەمایەتییەکانی نێشتەجێی کوردستانەوە هەبێ یا لە چوارچێوەی ماددەی 110 دەستوری عێڕاقی فێدڕاڵ بەدەر بێ، پێویستە لە لایەن پارڵمانی کوردستانەوە پەسند بکرێ.
لە بەندی دووهەمی ئەو ماددەیەدا باس لە پەسندکردنی زۆرینەی ڕەهای ئەندامانی پارلمان کراوە. نووسەرانی ئەو پڕۆژەیە بە وردی سەرنجیان داوەتە ئەو مادەیە. چونکە ئەو خاڵەگرنگە و پێش بە دەستتێوەردانی دەرەکیی و سیاسەتی پشتی پەردە دەگرێ.
بەندی دووهەم دووپاتکردنەوەی بەندی یەکەمە.
بەندی چواری ماددەی 8 کارایی سەرجەمی ماددەکەی تونا کردووە. دەوڵەتی فێدڕال دەتوانی بە " هۆی دەستووریی و قانونی ئاسایی پێش بەهەر ڕێککەوتنێک بگرێ کە لەو ماددەیەدا نووسراوە.

## ماددەی (9)

**هەریم مافێکی بنچینەیی و دەستووری بەرامبەر بە دەسەڵاتە فیدراڵیەکاندا هەیە لە :**

**یەکەم :** بەشێکی دادپەروەرانە لە داهاتە فیدراڵیەکاندا، بە بەخشش و یارمەتی و قەرزە نێو دەوڵەتیەکانەوە لەسەر بنەمای هاوشانیی ڕێژەیی دانیشتوان و لەبەرچاوگرتنی ئەو بارەی تووشی کوردستان - عێراق بووە لە سیاسەتی

**کۆمەڵکوژی و سووتاندن و وێرانکردن و بێبەشکردنی گەلەکەی لە مافی شیاوی خۆی بە درێژایی فەرمانڕەوایی ڕژێمەکانی پێشوو، ئەمەش بە پێی هەردوو ماددەی (106 و 112) ی دەستووری فیدراڵ.**

**دووەم : بەشداریکردنێکی دادپەروەرانە لە بەڕێوەبردنی دامودەزگا جۆرواجۆرەکانی دەوڵەتی فیدراڵ و نێردە (البعثات) و کورسیەکانی خوێندن (الزمالات الدراسیة) و شاندەکان و کونفرانسە هەریمی و نێودەوڵەتیەکاندا بە شێوەیەکی گونجاو و هاوشان و سپاردنی پلەکانی فەرمانبەریی لە فەرمانگە فیدراڵیەکان لە هەریمی کوردستاندا بە هاووڵاتیانی خۆی بە پێی ماددەی (105) لە دەستووری فیدراڵیدا.**

ماددەی 9 : دارڕتنی ئەو ماددەیە ناتەواە. دەقێکی نە حقووقیی،تێکەڵ پێکەڵ و ناڕوونەو پێویستە سەر لە نوێ دارێژرێتەوە.
" هەرێم مافی بنچینەیی و دەستوری[ دەستووریی] بەرامبەر بە دەسەڵاتە فێدڕالییکاندا هەیە " مانای چییە؟ دارێژەر یان نووسەرانی ئەو ماددەیە دەیانەوێ بڵێن: بۆ قەرەبوو کردنەوەی زیانی ماددیی و روحیی کە لە ئاکامی سیاسەتی ستەمکارانەی رژیمەکانی پێشووی حاکم بەسەر عێراق، بە خەڵکی کوردو کەمایەتییەکانی کوردستان گەیشتوون،دەولەتی باشوری کوردستان بە وەبەرچاوگرتنی ماددەی 106 و 112ی قانونی ئەساسیی کۆماری فێدڕاڵی عێراق و رێژەی دانیشتوانی کوردستان مافی هەیە لە یارمەتیی و قەردی وڵاتانی دەرەوە بە دەوڵەتی ناوەندیی کەڵک وەربگرێ. بەندی دووهەمی ماددەی 9 بەو شێوەیەی ئێستای فام ناکرێ.
30-08-2009

## **ماددەی (10)**

**شاری هەولێر پایتەختی هەریمی کوردستانە و پەرلەمانی هەریمیش بۆی هەیە شارێکی دیکەی کوردستان بکاتە پایتەخت بە زۆرینەی دوو لەسەر سێ ی ژمارەی ئەندامانی.**

هەولێر پایتەختی" هەرێم " ی کوردستانە. لکاندنی پیتی" ش" بە هەرێمەوە ئەو فکرە دەخولقێنێ کە جیا لە پارلمان دەزگایەکی دیکەش دەتوانێ بڕیاری گۆڕینی پایتخەتی کوردستانبدا. بۆ ئەوە هیچ کەلێنێک لە ماددەکەدا نەبێ پێویستە ماددەی 10 بەم شێوەیە بنووسرێ:" هەولێر پێتەختی دەوڵەتی فێدراڵی باشوری کوردستانە. بە پێشنیاری سەرۆکی پارلمان وبڕیاری دوو لەسەر سێی ئەندامەکانی پارلمان، شارێکی دیکە دەکرێتە پێتەختی باشوری کوردستان.

## **ماددەی (11)**

**یەکەم : هەریمی کوردستان - عێراق ئاڵایەکی تایبەتی هەیە کە لە تەك ئاڵای فیدراڵیدا هەڵدەدرێ، هەروەها دروشم و سروودی نیشتمانی و جەژنی نەتەوایەتیی خۆی (نەورۆز) یشی هەیە و ئەمەش بە یاسا ڕێك دەخرێ.**

**دووەم : ئاڵا کە پێك دێت لە ڕەنگی سوور، ئینجا سپی ئینجا سەوز و خۆرێکیش بە ڕەنگی زەرد دەکەوێتە ناوەڕاستیەوە کە بیست و یەك تیشکی لێوە دەردەچن و بە یاسایەك ئەندازەکانی دیاری دەکرێن و مانای پێکهاتەکانی ڕووندەکرێتەوە.**

**سێیەم : پشووە فەرمیەکان و نیشانە و میداڵیاکان بە یاسایەک ڕێکدەخرێت.**

ماددەی 11 پێویستە رێکو پێکتر بنووسرێ:
" باشوری کوردستان ئاڵا، سرودی میللی وجەژنی نەتەوایەتی خۆی هەیە. رەنگی ئاڵای کوردستان سوور، سپی و کەسکە. شکڵی رۆژ و 21 تێشک بە ناوەراستی ئاڵاکەوەیە.
تبینیی: پارلمانی کوردستان رۆژە مێژوییەکان دیاری دەکا.

## ماددەی (12)

**هەریمی کوردستان، بە پێی برگەی (پێنجەم) لە ماددەی (121)ی دەستووری فیدراڵی، هێزێکی پێشمەرگەی بەرگریکاری هەیە بۆ پاسەوانی هەریم، کە پێکهاتە و ئەرکەکانی بە یاسایەك رێکدەخرێن و نابێ میلیشیای چەکدار لە دەرەوەی یاسا پێکبهێندرێن.**

برگەی 5 ماددەی 121 دەستوری عێراقی فێدراڵ بەم جۆرەیە:

خامسا :تختص حكومة الاقليم بكل ما تتطلبه ادارة الاقليم، وبوجهٍ خاص انشاء وتنظيم قوى الامن الداخلي للاقليم، كالشرطة والامن وحرس اللاقليم

روالەتی برگەی پێنجی ماددەی 121 دەستوری عێراق، ئەوەناگەیەنێ کە لە کوردستاندا " هێز"ێکی پێشمەرگە هەیە. لە برگەی 5 دا باسی لەوەکراوە کە:" هەرێمی کوردستان بۆبەڕێوەبردنی ئەمنییەتی نێوخۆیی بەشێوەیەکی تایبەتی هێزی پۆلیس، ئیتتیلاعات وپاسەوانی هەرێمی دەبێ.

دام و دەزگایەک کە بە بودجەی گشتیی بەڕێوەدەچێ، نابێ سەربە حیزبی سیاسیی بێ. هێزی حیزبەسیاسییەکان، هەرچەند لە ڕابردوودا فیداکاربووبن، ئەگەرهەبوونیان لە چوارچێوەی قانوون دا نەبێ، میلیشیان
بە پیی برگەی 5 ماددەی 121، هێزی پێشمەرگە نە ئەرتەشی کوردستانە، نە بەشێکە لە ئەرتەشی عێراق، نە ئەو هێزە، پێوەندیی بە ئیرادەی خەڵکی کوردەوەهەیە، نە ئەرکی پاسەوانیی ئەو ئامانجە دەگەیەنێ کە کورد بۆدانانی ئەو سیستمە لەبەرچاوی بووە.
" هێز" ی پێشمەرگە بە پێی برگەی 5 ماددەی 121 قانوونی ئەساسیی کۆماری عێراق و ماددەی 12 پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان "هێز"ێکی پاسەوانە. پاسەوانیی لە چ شتێکی هەرێم لەو پرۆژەیەدا نەدیارە. ئەرکی ئەرتەشێکی چەند دەهەزار کەسی هەر تەنیا پاسەوانیی نییە. ئەرکی هێزێکی ئەوتۆ،دیفاع، بەربەرەکانیی هێرشکار، پاراستنی وڵات و حاکمییەتی خەڵکە.

ناودێرکردنی چەکدارانی حیزبەکان بە میلیشیا لە لایەن دەسەلاتدارانی عێراق و دوژمنانی کوردەوە لەو واقعییەتەوە سەرچاوەی گرتووە کە سەرۆک حیزبەکان نەیانتوانیوە خۆیان لە چوارچیووەی فکری خێڵەکیی رزگاربکەن و ئەندیشەی حاکمییەتی قانوون و سەروەریی خەڵک قبوڵ بکەن و پابەند بە قانوون بن. لەهیچ وڵاتێکی وەپاشکەوتوودا دووئەرتەش ، دوودەزگای ئەمنییەتیی و دوو پۆلیس وجودی نییە.

سەرۆک کۆماری عێراق و پایەبەرزانی حیزبەکەی کە دەبێ پارێزەرانی قانوون بن، لەریزی هەرەپێشەوی قانوونشکێنانن. لە هیچ ولاتێکی جیهاندا سەرۆک کۆمار خاوەنی ئەرتەش، پۆلیس و دەزگای ئەمنییەتیی شەخسیی‌نییە.
ئامانجێکی کە "هێزی پێشمەرگە" بوویەتی لەگەڵ ئەو ئەرکەی ئێستا کە لە ماددەی دوازدەدا بۆی دیاری‌کراوە جیاوازە.
ململانەی ئەو ماوەیەی ئەرتەشی ژێردەسەڵاتی مالکی لەگەڵ هێزی "پاسەوانی" کوردیی، ئەو واقعییەتەی سەلماند کە دەوڵەتی ناوەندیی هێزی پێشمەرگە بەو حاڵەتەی کە ئێستا هەیەتی بە میلیشیا و "عصابە"دەزانێ. لە هەل‌ومەرجێکدا کە زەمینەی لەباریان بۆ بڕەخسی لە دابڕاویی کورد بە زیانی کورد کەڵک وەردەگرن...
پێشنیار دەکەم ماددەی 12 بەو شێوەیە بنووسرێ:
باشووری کوردستان خاوەنی ئەرتەشێکی هەرێمپارێز، دەزگای پۆلیس و دەزگایەکی ئەمنییەتیی‌یە.
نیزامنامەی نێوخۆیی ئەو سێ‌دەزگایە، بودجە و ئەرکەکانیان، قانوون دیاری دەکا..

## ماددەی (13)

**ڕێگە نادرێ بە دانانی یان هەموارکردنی یان لێخۆشبوونی هیچ ڕەسم یان باجێک لە هەرێمی کوردستاندا بە بێ ڕەزامەندیی پەرلەمانی کوردستان و پەسەند کردنی بە یاسایەك.**

دارشتنی ئەو ماددەیە ناتەواوە. مەبەستی نووسەر یان نووسەرانی ئەو ماددەیە ئەوە بوو کە: شێوەی وەرگرتنی باج و چەشنی مالیاتەکان بە پێی قانون دیاری دەکرێ.

## ماددەی (14)

**یەکەم: کوردی و عەرەبی دوو زمانی فەرمیی هەرێمی کوردستانن و ئەم دەستوورە مافی هاووڵاتینی هەرێمی کوردستانن دەستەبەر دەکات لە فێرکردنی منداڵەکانیان لە دام و دەزگا فێرکارییەکانی حکوومەتدا بە پێی مەرج و ڕێککارییەکانی پەروەردە بێ بە زمانی زگماکی خۆیان. ئەمەش زمانەکانی تورکمانی و سریانی و ئەرمەنیش دەگرێتەوە.**
**دووەم: زمانی تورکمانی و سریانی دوو زمانی ڕەسمین لەتەک زمانی کوردی و عەرەبییەوە، لەو یەکە کارگێڕیانەدا کە ئەوانەی بەو زمانانە دەدوێن، زۆرینەی دانیشتوان پێکدێنن. ئەماش بە یاسایەک ڕێکدەخرێ.**
**سێیەم: لە هەرێمی کوردستان کار بە حوکمەکانی ماددەی(4)ی دەستووری فیدراڵی دەکرێت لە بارەی زمانی فەرمیەوە لەهەر جێیەک بواری یاسایی هەبێت بۆ جێبەجێکردنی.**

ماددەی 14 پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان وەرگێردراوی ناتەواو و تێکەڵ پێکەڵی ماددەی 4 دەستوری کۆماری فێدراڵی عێراقە.
هەرچەند لە ماددەی چواری دەستوری عێراقیش دا هەڵەیەک هەیە. ڕەنگە ئەو هەڵەیە بە ئەنقەستو بۆ مەبەستی سیاسیی و ڕازیکردنی حیزبە ئیسلامیی‌یەکان تێی‌ترێنجێندرابێ .
وەرگێردراوی ئەو بەندەی سەرەوە ئەوەیە: عەرەبیی وکوردیی دوو زمانی ڕەسمیی عێراقن. فێرکردنی کوڕەکانیان ( ابناء) لەلایەن عێراقیی‌یەکانەوە، بە زمانی دایک، وەکو تورکمانیی،سریانیی و ئەرمەنیی ،بە گوێرەی نیزامنامەی فێرکاریی حکومەتیی یان بەشی تایبەتیی دەستەبەر دەکرێ.
هەڵە بە ئەنقەستەکە ، نەنووسینی وشەی بناتهم ە.(بنت واتە کچ و کۆیەکەی بنات بە واتای کچەکانیانە.
دەبوو وشەی بنات لەو ماددەیە دا بنووسرێ.

المادة 4 (
*اول : اللغة العربية واللغة الكردية هما اللغتان الرسميتان للعراق، ويضمن حق العراقيين بتعليم ابنائهم باللغة الام كالتركمانية، والسريانية، والارمنية، في المؤسسات التعليمية الحكومية، وفقاً للضوابط التربوية، او بأية لغة اخرى في المؤسسات التعليمية الخاصة.*

ثانيا : يحدد نطاق المصطلح لغة رسمية، وكيفية تطبيق احكام هذهالمادة بقانونٍ يشمل:
سنووری[ کارایی ] زاراوەی زما نی رەسمیی و چۆنێتیی دابەزاندن و جێبەجێکردنی ئەو ماددەیە بە پێی قانوون، ئەو مەرجانە لە خۆدەگرێ.
دانەری ئەو قانوونە سەرنجی نەداوەتە مانای رەسمیی بوونی زمان یان ئازادبوونی خوێندن و نووسین و ئاخاوتنی زمان لەو ناوچانەی کە چەند کەمایەتیی تێدا نیشتە جێن.
لەم سەردەمەدا زمانێکی دیکە هاتووەتە نێو زمانەکانی جیهانەوە کە بە "زمانی کار" ناودێرە. وەکو زمانی ئینگلیزیی، فەرەنسیی،چینیی، ئیسپانیۆلیی و روسیی کە لەپێوەندیی نێودەوڵەتیی و نووسینی قەراردادەکاندا کەڵککیان لێوەردەگیرێ. لە چوارچێوەی وڵاتێکی فرەزمانییدا وەکو عێراق، ئێران و هیند زمانی هاوبەش زمانی ئیدارییە کە بە زمانی رەسمیی ناودێرە.
لەولاتێکی فرەنەتەوەییدا ئاسانکارییە کە ئەگەر زمانێکی کار بۆ هاوپێوەندیی هەموانی هەبی و ئەو دەرەتانە پێک بێ کە، هەموو گرووپێکی ئیتنیکی بە زمانی خۆی بخوێنێ.
پێشنیار دەکەم ئەو ماددەیە بەو شێوەیە بنووسرێ:
1- کوردیی و عەرەبیی زمانی رەسمیی باشوری فێدرالی کوردستانن. هەموو دانیشتوانی کوردستان دەبی فێریان ببن و کەڵکیان لێوەربگرن.
2- جیا لە کوردیی و عەرەبیی، زمانەکانی دیکەی ئەرمەنیی و سریانی و تورکمەنیی لەو شوێنانەی کە بە پیی نیزامنایەک دیاریدەکرێن زمانی رەسمین. 3- زمانە جیاوازەکانی باشوری کوردستان میراتی فەرهەنگیی کوردستانن ، رێزیان لێدەگیرێ و دەپارێزرێن.

3- ماددەی 4 و بەندەکانی دەستوری عێراقی فێدراڵ بەشێک لە مافی فەرهەنگیی خەڵکی کورد لە باشوری کوردستان ڕاگەیاندووە. ئەو ماددەیە و بەندەکانی تەواوکەری ماددەی 14ی پڕۆژەی دەستوری باشوری کوردستانە.

## ماددەی (15)

**هەرێمی کوردستان پشت بە سیستمی ئابووری و بازاری کێبرکێی رەوا دەبەستێ لەگەڵ هاندان و گرتنەبەری پەرەپێدانی ئابووری لەسەر بنەمای نوێ و وەبەرهێنان، بەهەر دوو ڕووی گشتی تایبەتییەکەیەوە، قۆرخکردنیش (احتکار) بە یاسا نەبێ رێگەی پێ نادرێ.**

بۆ نووسینی ئەو ماددەیەش وەکو بەندەکانی پێشوو ستروکتوری زمانی کوردیی وەبەرچاو نەگیراوە. ئەوماددەیە، تەرجەمەی وشەبەوشەی دەقێکی عەرەبییە و بە سانی نازانرێ کە مەبەستی نووسەر لە سیستمی ئابوریی و بازاری کێبرکێی رەوا چییە؟

رەنگە نووسەر مەبەستی لەو سیستمە " ئابووریی بازاری ئازاد بێ کە دەوڵەت دەست لە کاروباری بەرهەمهێنان و دابەشکردن و کڕین و فرۆشی هێزی کار وەرنادا. ئیتیکار ی بەرهەمهێنەرو زۆرو کەمیی کاڵا( قانونی عرضە و تقاضا) قیمەت دیاریدەکا. بازاری کێبرکێی رەوا چییە کە " هەرێمی کوردستان پشتی پێ ببەستێ ، نەدیارە.

دارشتنی بەرنامەی ئابووریی بۆ باشووری کوردستان کاری دانەری  قانونی ئەساسیی نییە. بنەمای ملکایەتی (مالکییەت)، میرات، سنور، بەڕێوەبردن و دەستەبەرکردنی پاراستنی ملکایەتی لە لایەن قانوونی ئەساسییەوە دیاری دەکریَ.

قورخکردن کە بە  ( احتکار) کردن ماناکراوەتەوە، راست نییە. احتکار بریتییە لە دەستبەسەرداگرتنی کالا و نەفرۆشتنی بە مەبەستی  گرانفرۆشیی.  رەنگە مەبەستی نووسەر پێکهێنانی کارتێل و تراست بێ کە لەووڵاتانەی  کە  سیستمی ئابووریی بازاری ئازادیان هەیە، ڕیگەیان پێنادریَ.

 ئەگەر مەبەستی نووسەر دەستەبەرکردنی مالکییەتی تاک و کۆمەڵ بووبێ، دەبوو بنووسریَ: مافی ملکایەتی و میرات پێگەیشتن قانوونییە. سنوری ئەو مافە و شێوەی بەڕێوەبردنەکەی لە لایەن قانوونەوە دیاری دەکریَ. کەس لە مافی خاوەندارەتیی بێبەش ناکریَ. مەگەر بە پێی قانوون و بۆ سوودی گشتیی و قەرەبوو کردنەوەی زیانی خاوەنەکەی.

## ماددەی (16)

**هەموو دەسەڵاتەکانی هەرێم، بە پێی بەرپرسایَتیان بەرامبەر بە نەوەکانی ئێستا و دواڕۆژەوە، ئەرکی پاراستنی ژینگە و پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیان و ژینگەی سروشتی و ژینگەی مرۆڤیان لە هەرێمی کوردستاندا لەسەر شانە، یاساش چۆنیەتیی دروستکردنی ناوچە پاوانکراوەکانی دەشت و دەر و گیانلەبەرەکان و رووەکە سروشتیەکان و چۆڵەوانیەکان و هێشتنەوەیان بە شێوەی سروشتی خۆیان و رێگە نەدەن بە دروستکردنی خانووبەرە و هەر چەشنە چالاکییەکی فیزیکی دیکە تێیاندا، رێک دەخا.**

نووسەر یان نووسەرانی ئەو بەندە باس لەبەرپرسایەتیی دەسەڵاتەکانی هەرێم بۆ پاراستنی ژینگە دەکەن. دانەری ئەو پرۆژەیە دەسەڵاتی رەنگە  بە مانای کارگێری دەوڵەت یان سێهێزی پێکهێنەری حکومەت(هیزی دانەری قانوون، هێزی دادوەریی و هێزی بەرێوەبەریی) واتە مقننە ، قضائیە و مجریە)  مەبەست بووبێ. لە هەردوو حاڵدا رستەکە هەڵەیە. ئەرکی پاراستنی ژینگە لە ئەستۆی پارلمان و دەزگای دادوەریی نییە. ئەو ئەرکە بە پێی قانوونی ئاسایی بە بەشێکی وەزارتخانەیەک دەسپێردریَ.
نەوەی ئێستا مانای نییە.
 نەوە بریتییە لە وەچەی دادێ. هەروەها دانەری قانوون و دادوەر  و کارگێرانی دەوڵەت بێجگە لە بەشێکی کەم، بەپێیسروشتی کار و ئەرکیان کە قانوون دیاریی دەکا ناتوانن بەرپرسی پاراستنی ژینگە و پێداویستییەکانی ژیانی وەچەکانی دوارۆژبن. دەقی عەرەبیی ئەو ماددەیە لەبەر دەست دانییە تا مەبەستی نووسەر باشتر فام بکریَ.
 نووسینی ئەو ماددەیە بەوشێوەیە  لە دەستووردا پێویست نییە. دەبوو ئەرکی دیاریکراو بە قانوونی ئاسایی بسپێردریَ. چونکە لە قانوونی ئەساسییدا (دەستور) وردەکاریی نانووسریَ.

 ئەو بەشەی ماددەی 16 کە نووسراوە : " یاساش چۆنیەتی دروستکردنی ناوچە پاوانکراوەکانی دەشت و دەر گیانلەبەرەکان و رووەکە سروشتییەکان و چۆلەوانییەکانیان  و  هێشتنەوەیان بە شێوەی سروشتیی خۆیان و ڕێگەنەدان بە دروستکردنی خانوبەرە و  هەرچەشنە چالاکییەکی فیزیکی تیایاندا ڕێک دەخا."نە فام دەکریَ و  بنەپێویستە بنووسریَ. بەشێک لەو کارانە پێویست دەکا بخرێنە بەرباس ودەوڵەت دوای وەرگرتنی رای کارناسان گەڵاڵەیەکی قانوونیی بە مەبەستی پاراستنی وەزعی سرووشتیی کوردستان و پێڕاگەیشتنی ژینگە و سامانەگشتییەکان بۆ پەسندکردن پێشکەش بە پارلمان بکا.

## ماددەی (17)

**یەکەم : داهات و سەرچاوە گشتییەکانی سامانی سروشتی و ئاوی ژێر زەوی و کانە دەرنەهێنراوەکان و ئاوی سەر زەوی و کانە بەرد و کانگاکان، سامانی گشتین و دەرهێنان و بەکارهێنان و بەڕێوەبردن و مەرجەکانی رەفتار لەسەر کردنیان بە یاسایەک رێکدەخرێن کە بۆ بەرژەوەندی نەوەکانی ئێستا و دواڕۆژ پارێزگاریان لێ بکا.**

**دووهەم : زەوی و سامانە گشتیەکانی هەرێم مەڵکی گەلی کوردستان - عێراقن و چۆنیەتی رەفتار لەسەر کردن و بەکارهێنانیان بە یاسایەک رێکدەخرێ.**

لە نووسینی ماددەی 17 ی پرۆژەی دەستوردا وەکو ماددەکانی پێشوو هەڵەی تێدا بەدی دەکرێ. بەندی یەک و دوو جێگاکانیان گۆڕدراوە.
لەدارِشتنی ئەو دووبەندەدا  بە شێوەی سەرەوە گرفتێکی حقووقیی دروست دەبێ. ئەگەر خاوەندارەتیی تاک بە پێی ئەسڵی " الناس مسلطون علی اموالهم" رێزی لێبگیرێ و هەرکەس خاوەنی ئەو مڵک و سامانە بێ کە لەژێر دەسەڵاتیدایە، دەقی  دوو بەندی ماددەی 17   ئەو ئەسڵە ناپارێزێ. ئەگەر کان یان کانگەیەک لە زەوی وزاری کەسێکدابێ ، بە پێێ  ئەسڵی شەرعیی" الناس مسلطون علی اموالهم"، ملکی خاوەنەکەیەتی یا هی کەسێکە کە ئەو زەوی و زارەی  بەدەستەوەیە. ئەگەر بە پێیماددەی 17 ئەو جۆرە کان و کانگەیە گشتیی بێ و سامانەکەی هەمووانیی بێ ئەسڵی  17 دەبێ بگۆڕدرێ.
هەردووبەندەکەش دەکرێ بەم شێوەیە دارێژرێ:
کوردستان نیشتمانی هاوبەشی خەلکی کورد و  کەمایەتییەکانی نیشتەجێیکوردستانە.
داهاتی کانگەکانی کوردستان هی دانیشتوانی ئێستای  کوردستان و وەچەی دواڕۆژە.  شێوەی کەڵکوەرگرتن لەو سامانە گشتییە بە پێێ قانون دیاری دەکرێ.
بەندی دووهەمی ماددەی 17 لەگەڵ  دەستوری عێراقیش ناتەبایە. چونکە بەشێکی کەم ( بەپێی رێژەی حەشیمەت) لە بەرهەمی نەفتی کوردستان  بۆ بودجەی کوردستان تەرخان کراوەو  بەشی هەرەزۆری بۆ عێراقە.
وەکو لەمەو بەر گوترا زاراوەی گەلی کوردستان- عێراق هەڵەیەکی زەقە. لەم جیهانەدا گەلی کوردستان وجودی نییە. ئەوەی هەیە گەلی کوردە و وڵاتەکەی کوردستانە.

## دەروازەی دووهەم

## مافە سەرەکییەکان

### بەشی یەکەم

### مافە شارستانی و سیاسییەکان

### ماددەی (18) پابەندبوون و جێبەجێکردن :

**یەکەم : دەسەڵاتەکانی یاسا دانان و جێبەجێکردن و دادوەری هەرێمی کوردستان پابەند دەبن بەو مافە سەرەکیانەی کە لەم دەستوورەدا هاتوون وەک یاسایەکی سەرەکی کە دەبێ پیادە بکرێن و جێبەجێ بکرێن وەک مافە بنەڕەتیەکانی هاوڵاتیانی هەرێم.**

**دووهەم : ئەو دەق و حوکمانەی تایبەت بەو مافە سەرەکیانەی لەم دەستوورەدا هاتوون، هەر کاتێ جێبەجێ کردنیان لە تواناداا هەبێ، کەسی سروشتی و مەعنەوی دەبێ پابەند بن پێیانەوە، بە لەبەرچاوگرتنی سروشتی مافەکە و سروشتی ئەو ئەرکەی مافەکە دەی سەپێنێ.**

**سێیەم : ئەو مافە سەرەکیانەی بۆ کەسی سروشتی هاتوون لەم دەستوورەدا لەسەر کەسی مەعنەویش جێبەجێ دەبن لە هەرێمی کوردستاندا ئەگەر سروشتەکەی بۆ جێبەجێکردن بگونجێ.**

قانوونی ئەساسیی (دەستور) سیستمی حکومەتیی ، پێوەندیی دەسەلاتە گشتییەکان، ئوسول و پرەنسیپە گشتییە گرنگەکانی وڵات دیاری دەکا. قانونی ئەساسیی نیزامنامە و ئاییننامە و قانونی ئاسایی (عادیی) نییە کە بە وتەی نووسەری ئەو دەقە " وەک مافە بنەڕەتیەکانی هاوڵاتیانی هەرێم" "پیادە بکرێن و "جێبەجێبکرێن ". قانوونی ئەساسیی میزانە. هەموو هەلس و کەوت و بڕیارەکانی حکومەت (مەبەست دەوڵەتە) بەو میزان و پێوانە یە هەڵدەسەنگێندرێن. واتە قانوونی ئاسایی ناتوانی دژی قانوونی ئەساسیی( دەستور) بێ.

هەرکام لەو بەند و ماددنە کە لەم دەستورەدا نووسراون بەپێچەوانەی قانوونی ئاسای (عادیی) ئەسڵ (اصل) و پرەنسیپی گشتیی و نەگۆڕن. خەتی گشتیی دیاریکراون. قانوونی ئاسایی پەسندکراوی پارلمان لەچوارچێوەی ئەو پرنسیپانەدا ئیعتیباریان دەبێ. واتە پەسندکراوەکانی پارلمان نابێ دژ بەو پرەنسیپ و هێڵەگشتیییانەی دەستور بن.

فامکردنی بەندی دوو و سێی ماددەی 18 دژوارە. روون نییە کە مەبەستی نووسەر لەو" دەق و حوکمە کە جێبەجێکردنیان لە تواناداهەبێ" مانای چییە و "کەسی سروشتی و مەعنەویی" چییە؟ رەنگە مەبەستی نووسەر لەو دوو وشەیە ( شخص حقیقی و حقووقیی) بێ.

سەردێڕی ماددەی 18 وەرگێڕدراوی سەردێڕی ماددەی 14 دەستوری عێراقە و ئەوش دەقەکەیەتی:

الباب الثاني

الحقـوق والحريـات

الفصل الاول

الحقوق

اولاً:- الحقوق المدنية والسياسية

المادة (14):

گوترا کە، لە زمانی عەرەبیدا بۆ جیاکردنەوەی بەشێک لە کتێب یان نووسینی بابەتێکی نوێ لە کتێبدا لە وشەی " باب " کەڵک وەردەگرن. لەزمانی کوردییدا بۆ ئەو مەبەستە وشەی دەروازە کە مانایەکی وشەی "باب" نانووسن.. بەڵکو لە بەش ، پاژ، بڕو کەرت کەڵک وەردەگرێ. لە وڵاتانی ئینگلیزیی زماندا و بە تایبەتی بۆ نووسینی مادده کانی قانوون ژمارە بە کاردێنن.

هێنانی سەردێڕی مافە شارستانییەکان و سیاسییەکان " و دواتر نووسینی ماددەی 18 لەژێر سەردێڕی پابەند بوون و جێبەجێکردن نەگونجاوە.ب اشتر بوو کە لەژێر سەردێڕی بەشی دووهەمدا بنووسرێ: ماف و ئازادییەکان و لەژێر وشەی فەسڵی یەکەمدا بنووسرێ مافە مەدەنی و سیاسییەکان.

وەرگێرانی مافە مەدەنییەکان( حقوق مدنی) بە مافی "شارستانی" هەڵەیە.

مافە مەدەنییەکان بە شێوەیەکی گشتی بریتین لە لکەکانی مافی نێوخۆیی و نێونەتەوەیی. هەروەها لە مانای تایبەتیدا باس لە کەس یان

ا- تاکەکان( ناو- زێد یان ژینگە- ئەحوالی شەخسیی...

2- بنەماڵە( زەوجین و جیابوونەوە- خزمایەتی – نەفەقە- سەرپەرستیی-

3- مال و دارایی( شێوەی مڵکایەتیی – قەرارداد، میرات – بەخشس- وەسیەت-

4- مافەمەدەنییەکان لە مانای تایبەتییدا بریتین لە مافەکانی بازرگانیی-دەریایی- هەوایی- 5- 5- قانوونی کار – ئەمنییەتی ژیان ... دەکا.

سەردێڕی " پابەند بوون و جێبەجێکردن" ؟!!

- نووسەر دەڵێ: دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جیبەجێکردن و دادوەری هەرێمی کوردستان پابەند دەبن بەو مافە سەرەکیانەی لەم دەستورەدا هاتون.

مەبەستی نووسەر لە دەسەڵاتەکان سێ بەشی قانوونچێکەر، دادوەریی و کارگێڕییە. سروشتییە کە ئەوان دەبێ، لەچوارچێوەی ئەو دەستورەدا ئەرکەکانیان بەڕێوە بەرن. ئەوە شتێکی ئاساییە کە دانەری قانوون ( ئەندامانی پارلمان) نەتوانێ بە پێچەوانەی قانوونی بنەڕەتیی( ئەساسیێ) قانوونێک دانێ. دەزگای دادوەریی پارێزگاریی لە قانوونیئەساسیی دەکا و هەیئەتی وەزیران کارو کردەوەیان لە چوارچێوەی قانوونی ئەساسیی و قانوونی ئاساییدا دەبێ.

تێکەڵپێکەلییەکی کە لە  ماددەی 19 پرۆژەی " دەستوری هەرێمی کوردستان"دا  دەبیندرێ ، زیاتر لە بەشەکانی دیکە زەق و بەرچاوە. قانونی ئەساسیی ( دەستور) بەو شێوەیە نانووسرێ.
ماددەی 19 تەنیا سێ وشەی کەرامەت و ژیان و ئازادی لەخۆگرتووە. لەراستییدا ئەو سێوشەیە دەکرا سەردێرێک بێ نە ماددە یان ئەسڵێک کە 20 لکی لێزیادکرابێ.  ئەسڵێکی قانوون دەبێ پەیامێک بگەیەنێ. وێڕای ئەوە ئەسڵ یان ماددەیەک لە قانونی ئەساسییدا نانووسرێ کە پێویسی بە شرۆڤە کردن هەبێ. قانونی ئاسایی ( عادیی )جێگەی ئەو بابەتانەیە.
 ئەو شێوە نووسینە لە فەسڵی دووهەمی ماددەی 35 ی دەستوری  عێراقی فێدراڵ وەرگیراوە کە  لەژێر سەردێری" الحريات "  واتە ئازادییەکاندا لکێک و سێ پەلی  لێ جیاکراوەتەوە بێ ئەوە ماددەی 35 وجودی هەبێ.

دارێژەرانی ئەو پرۆژەیە بۆ دارشتنی قانونەکە، سیستمێکیان ڕەچاو نەکردووە. نووسەران دەیانتوانی لە ئەزمونی پسپۆرانی جیهانیی و قانونی ئەساسیی 193 وڵاتی ئەم جیهانە کەڵک وەرگرن.  بۆ ئەوە بڕوانە سایتی :
http://www.constitution.org/

بروانە ماددەی 19 و بیست لکەکەی!

## ماددەی (19) کەرامت و ژیان و ئازادی

**یەکەم : کەرامەتی ئادمیزاد پارێزراوە و ڕێزلێگرتن و پاراستنی ئەرکی هەموو دەسەڵاتەکانی هەریمە.**

**دووەم : هەموو کەس مافی ژیان و ئازادیی هەیە بە یاسا نەبێ نابێ هیچ کەس لێیان بێبەش بکرێ یان لێی بەرتەسک بکرێنەوە.**

ئەو سێوشەیەی لەژێر ژمارەی 19 دا نووسراون مانایەکیان بۆ دیارییەنەکراوە. هەرکەس دەتوانێ بۆچوونی تایبەتیی خۆی بۆ ئەو چەمکانە هەبێ. قانونی عێراقی فیدراڵ کە مافناسەکانی کورد لە دارشتنیدا بەشدار بوون ئەو گرفتەی چارەسەر کردووە.
لە قانونی ئەساسیی عێراقدا، ئازادییەکان (الحريات) لە ژێر فەسڵی دووهەمی قانوونی ئەساسیی دا نووسراون. ئەو بەشە سەرجەم دە ئەسڵە. سەرچاوەی پرۆژەکەی " هەرێم" ئەو قانوونەیە. بەلام نووسەرانی دەقەکوردییەکە لە شکڵ و لە ناوەرۆک دا ئەو دەقەیان نەپاراستووە. وێڕای  هەموو ئەوانە ستروکتوری زمانی کوردییان بۆ نووسین و وەرگێرانی دەقەکە لەبەرچاونەبووە.
 لە دەقە عەرەبییەکەدا و لەژێر ماددەی 35 دا  نووسراوە:
 اولا :- ا- "حرية الانسان و كرامته مصونة". واتە ئازادیی و کەرامەتی مرۆڤ پارێزراوە[دەپارێزرێ].
 ب- رێگە نادرێ بێ بڕیاری دادوەریی کەسێک دەستبەسەر بکرێ یان پرسوجۆی لێبکرێ. ئەوبەندە لە دەقەکوردییەکەدا گۆڕدراوە. دەستبەسەرکردن و لێکۆڵینەوەی سەرەرۆیانە کە بە روونی لە دەقە عەرەبییەکەدا  قەدەخەکراوە، لە دەقە کوردییەکەدا نییە. لەدەقە کوردییەکەدا نووسراوە:
 "کەرامەتی ئادەمیزاد دەپارێزرێ و ڕێزی لێدەگیرێ." لە بەندی دووهەمدا دەگوترێ مرۆڤ خاوەنی مافی ژیان و ئازادییە  و بە یاسا نەبێ لێیان بێبەش ناکرێ یان لێی بەرتەسک ناکرێتەوە.
 جیاوازیی ئەو دوو دەقە زەقە و  نابێ چاوپۆشیلێبکرێ. ئەوەی لە دەقە کوردییەکەدا هاتووە، خەیاڵ وتەیەکی شاعیرانەیە. شێعر لە قانوونی ئەساسییدا جێی نییە.  رێزلێنان لە کەرامەت و بەرتەسک نەکردنەوە بە مانای  دەستبەسەرنەکردن و لێکۆلینەوەو پرس و جو لێنەکردن نییە. تەنیا پێداهەڵگوتنێکی ئیشک و برینگە.
 بە پێی قانوونی ئەساسیی عێراقی فێدراڵ، مافی ئازادیی مرۆڤ دەپارێزرێ، تاک سەربەستە، دەستبەسەرناکرێ وبێ بڕیاری دەزگای دادوەریی پرس و جۆی لێناکرێ. تەنانەت  پۆلیسی ئاسایی و

کارگێرانی دەزگای ئەمنیش بۆیان نییە بێ بڕیاری دەزگای دادوەریی کۆسپێک بخەنە سەر ڕێی ئازادیی تاکو دەستبەسەری بکەن.
پێشنیار دەکرێ ماددەی 19پرۆژەی هەرێم بەشێوەی قانوونی ئەساسیی عێراق بنووسرێتەوە یان بەو شێوەیەی خوارەوە بگۆردرێ:
پاراستنی ئازادیی و کەرامەتی مرۆڤ دەستەبەر دەکرێ.دەستبەسەرکردنی تاک ( توقیف) و لێکۆڵینەوە بێ بڕیاری دەزگای دادوەریی ( قضایی) قەدەخەیە.

**سێیەم : نابێ لە دژ هیچ کەسێک شێوازەکانی ئازادی جەستەیی، یان دەروونی بەکاربهێنرێن، بە شێوەیەکی نامرۆڤانە ڕەفتاری لەگەڵدا بکرێ، سووکایەتی پێ بکرێ، یان بە بێ ڕەزامەندی ئازادانەی خۆی تاقیکردنەوەی پزیشکی یان زانستی و هی دیکەی لەسەر ئەنجام بدرێ. پشت بە هیچ دانپێدانانێکیش نابەسرێ کە بە زۆر، بە ئازاردان، بە هەڕەشە یان بە ترساندن وەرگیرابێ، هەرکەسێکیش تووشی ئازاردان یان ڕەفتارێکی توندوتیژی، یان سووکایەتی پێکردن بووبێ مافی خۆیەتی قەرەبووی ئەو زیانە جەستەیی و دەروونیانەی بۆ بکرێتەوە کە تووشی هاتوون.**

**چوارەم : لە چوارچێوەی ئەو خزمەتە گشتییەدا نەبێ کە بە پێی یاسا لەسەر هەمووان جێبەجێ دەکرێ، نابێ هیچ کەس ناچار بکرێ کارێکی بێگاری بکات.**

نووسەرانی پرۆژەی دەستور لەو بەشەدا چەند ئەسڵ لە بەیاننامەی مافەکانی مرۆڤیان بە قەڵت و بڕکراویی، بەزمانێکی فامنەکراوو بێ وەبەرچاوگرتنی شێوازی نووسینی دەقێکی حقوقیی کردووەتە بەندێکی دیکەی ماددەی نۆزەی دەستوورەکە. پێویست نەبوو ئەو دەقە پەسندکراوە جیهانیی‌یە بەو شێویە لەت و کوت بکرێ. دەقی دەستورەکەی عێراق سەرەڕای کەمکووڕیی‌یەکی کە هەیەتی زۆر لە گەڵاڵەکەی پارلمانی کوردستان ڕێک و پێکترە.
دەستوری کۆماری عێراق لە ماددەی 35 دا کە رووی خیتابی لە کارگێرانی حکومەتە دەڵێ:
الفصل الثاني
الحريات
المادة (35)
أولاً :- أ - حرية الإنسان وكرامته مصونةٌ.
ب - لا يجوز توقيف أحد أو التحقيق معه إلا بموجب قرارٍ قضائي .
ج - يحرم جميع أنواع التعذيب النفسي والجسدي والمعاملةً غير الإنسانية، ولا عبرة بأي اعتراف انتزع بالإكراه أو التهديد أو التعذيب، وللمتضرر المطالبة بالتعويض عن الضرر المادي والمعنوي الذي أصابه وفقاً للقانون.
ثانياً :- تكفل الدولة حماية الفرد من الإكراه الفكري والسياسي والديني.
ثالثاً :- يحرم العمل القسري ( السخرة( ، والعبودية وتجارة العبيد ( الرقيق )، ويحرم الاتجار بالنساء والأطفال، و الاتجار بالجنس .

وەکو دەبینین ماددەی 35 باس لە توقیف( ڕاگرتن لە شوێنێک) ، تحقیق ( لێکۆڵینەوە و پرس و جۆ) ، تهدید(هەرەشەلێکردن و ترس وەبەرنان) و تعذیب( ئەشکەنجە کردن) و ئەرکی دەوڵەت دەکا.
داڕێژەرانی پرۆژەی دەستور دەبوو هەربەوشێوەیە کە لە قانوونی ئەساسیی عێراقدا هاتووە دەقەکە بەزمانی کوردیی داڕێژنەوە.
نووسینی قانوون تێکنیک و شێوەی تایبەتیی گەرەکە.
لەو بەشەدا ڕواڵەتی ماددەکە ئەوە دەگەیەنێ کە ئەگەر تەنیا یەک شێوازی ئازاری جەستەیی بەکار هێنرابێ، تاوانێک نەکراوە. هەر وەها شێوازی ئازاری جەستەیی چییە نەدیارە. ئەسڵێک لە قانوونی سزاداندا هەیە کە دەڵێ : شرۆڤەکردن و تەفسیرێک کە بە سودی گومانلێکراو بێ، پەیرەو دەکرێ. لەو ماددەیەدا ئەگەرگومانلێکراو ئیدیعا بکا کە تەنیا یەک شێوە ئازاری دژ بە ئازاردراو بەکار هێناوە نە چەند شێوە وتەکەی بەپێی‌دەقیپرۆژەی دەستوور تاوان نییە و دادوەر بۆی نییە بە پێچەوانەی دەقی قانوونەکە گومانلێکراو مەحکووم بکا.

دەقی ماددەی 35 قانونی ئەساسیی عێراق ئەو گرفتەی نییە.
قانوون دەبێ بە شێوەیەک بنووسرێ کە هەمووان فامی بکەن و بەپێی توانا ئەوەندەی بلوێ ڕێگەی شرۆڤەکردن بەربەست بکرێ.
بەندی چوارەم یەکێ لەو بەندانەیە کە رەنگە تەنیا بۆ نووسەر خوویا بێ کە چی نووسیوە. بڕوانە :
لەچواچێوەی ئەو خزمەتە گشتییەیە نەبێ کە لەسەر هەموان جێبەجی دەکرێ، نابێ هیچکەس ناچاربکرێ کە کارێکی بێگاریی بکات.
رستەی "خزمەتی گشتیی لەسەر هەموان جێبەجێدەکرێ" ئەو دێرە لە زمانیکوردییدا مانای نییە.
سەرجەمی ئەو 19 بەندە تێکەڵپێکەڵە لەبەیاننامەی مافەکانی مرۆڤدا بەوردیی و بەزمانێکی حقووقیی نووسراون. پێویست نەبوو ئەو هەموو خوارەکەو پێچەکەیە بەو چەند بنەما حقووقییەیە بکرێ کە زیاتر لە 200 دەوڵەتی جیهان پەسندیان کردوون.
بڕوانە : دەقی 30 ماددەیی بەیاننامەی مافەکانی مرۆڤ بە زمانەیلی ، عەرەبیی، ئینگلیزی، فەرەنسیی، فارسیی ... لەو لینکانەی ژێرەوە:

http://www.un.org/en/documents/udhr/

الاعلان العالمی لحقوق الانسان

**پێنجەم : کاری بێگاری بەسەر کەسدا ناسەپێندرێ تەنها بە بڕیارێکی دادوەری نەبێ کە لە کاتی سزاداندا دیاریدەکات.**
**شەشەم : هەموو کەس مافی ئاسایشی کەسیی (شەخصی) خۆی هەیە.**
**حەوتەم : هەموو کەسێك مافی ئەوەی هەیە ڕێز لە ژیانی تایبەتی و خێزانی و ناو ماڵ و پێوەندیپێوەکردنەکانی بگیرێ. خانوو و ماڵ و هاوشێوەیان ڕێزیان هەیە و نابێ پێشل بکرێن. بەپێی یاساو بە فەرمانێکی دادوەری نەبێ کەس بچێتە نێویانەوە، بپشکێندرێن یان بخرێنە ژێر چاوەدێرییەوە. هەروەها پشکنینی هەموو کەسێك یان شتومەکەکانیشی بەبێ هۆیەکی یاسایی قەدەغەیە.**

بەندی 5 ماددەی19 پرۆژەی دەستور لەگەڵ بەندی 3 ماددەی 35 دەستوری عێراقی فێدرال ناتەبایە. ئەو بەندە لەگەڵ بەیاننامەی مافەکانی مرۆڤیش( ئەسڵی 4) ناتەبایە.

نووسەرانی دەستور بە بیروبۆچوونێکی کۆن و سیاسەتی سزادانی دەیانساڵەی ڕابردوو لە تاوانبار دەڕوانن. مرۆڤ لەهەرحاڵدا کەرامەت و گەوهەری مرۆڤایەتییەکەی دەبێ بپارێزرێ. مەبەست لە سزادانی تاوانبار تۆڵەئەستاندنەوە و بێڕێزیپێکردن و ئەشکەنجەدان نییە. بەپێچەوانەی بۆچوونی خێڵەکیی سەردەمی کەون، لەکۆمەڵگای ئەمرۆدا هەموو هەوڵی حکومەت و سیاسەتی سزادان بۆ ڕاهێنانەوەی تاوانبار و پەروەردەکردنەوەی بۆ درێژەدان بە ژیانێکی ئاسایی لە کۆمەڵگادایە. دادوەریش نابێ ئەو مافەی هەبێ حوکمی بێگاریی بۆ تاوانبار دیاری بکا. لەزیندانەکانی وڵاتانی ئوروپاییدا ئەو قانوونەکە تاوانبار ناچاربێ کاری بێ هەقدەست و مزە بکا، لەمێژە هەڵگیراوە. دەوڵەت بەپەروەردەکردنەوەی مەحکووم و ناردنەوەی بۆ نێوکۆمەڵگا خەرجێکی زۆر لە بودجە و باجی خەڵک تەرخاندەکا.
تەنانەت قانوونی ئەساسیی کۆماری ئیسلامیی کە تۆڵەئەستاندنەوە و ڕەجم و دەست و گوێبڕینی سەردەمی نەزانیی بۆ چارەسەریی گەندەڵیی و فەساد پەیرەو دەکا، دەستی دادوەرانی بۆ دانی حوکمی بێگارییکردن بە تاوانبار بەستووە. دانی حوکمێکی ئەوتۆ بۆ تاوانبار فەسادهێنەرە. بڕوانە ئەو لینکەی خوارەوە کە لەئێرانی ئیسلامییدا چی بەسەر کرامەتی مرۆڤ هێناوە!

http://ettelaat.net/08-maj/news.asp?id=28469

بەندی 6 ماددەی 19
ئەو بەندە وەرگێڕدراوی ماددەی 3 بەیاننامەی مافەکانی مرۆڤە.

Article 3.

- Everyone has the right to life, liberty and security of person

دەقی ئەوماددەیە بە زمانی عەرەبیی بەو جۆرەیە:

لكل فرد الحق في الحياة والحرية وسلامة شخصه.

وەرگێردراوی کوردییەکەی بەمجۆرەیە:
هەر کەس مافی ژیان ، ئازادیی و ئەمنییەتی هەیە

بەندی 6 ماددەی 19 ناتەواوە. نووسەرانی پرۆژەکەی دەستور، مافی ژیان و ئازادییتاکیان لەو بەندە دەرهاویشتووە.

هۆی ئەوە کە ئەو تێکەلپێکەلێیە لەو پرۆژەیەدا کراوە ئەوەیە کە نووسەرانی پرۆژەکە نەیانویستووە ، ماددە سەرەکییەکانی بەیاننامەکە دەقاودەق بنووسن. بروانە ماددەی 2!

Article 2.

- Everyone is entitled to all the rights and freedoms set forth in this Declaration, without distinction of any kind, such as race, colour, sex, language, religion, political or other opinion, national or social origin, property, birth or other status. Furthermore, no distinction shall be made on the basis of the political, jurisdictional or international status of the country or territory to which a person belongs, whether it be independent, trust, non-self-governing or under any other limitation of sovereignty.

المادة 2.

- لكل إنسان حق التمتع بكافة الحقوق والحريات الواردة في هذا الإعلان، دون أي تمييز، كالتمييز بسبب العنصر أو اللون أو الجنس أو اللغة أو الدين أو الرأي السياسي أو أي رأي آخر، أو الأصل الوطني أو الاجتماعي أو الثروة أو الميلاد أو أي وضع آخر، دون أية تفرقة بين الرجال والنساء. وفضلا عما تقدم فلن يكون هناك أي تمييز أساسه الوضع السياسي أو القانوني أو الدولي لبلد أو البقعة التي ينتمي إليها الفرد سواء كان هذا البلد أو تلك البقعة مستقلا أو تحت الوصاية أو غير متمتع بالحكم الذاتي أو كانت سيادته خاضعة لأي قيد من القيود.

•

هەرکەس دەتوانێ بێ جیاوازیی رەگەزیی، رەنگ، جنس، زبان، ئایین، باوەری سیاسیی نەتەوەگەریی، حاڵەتی کۆمەڵایەتی، سامان ، لەدایکبون، یان هەرحاڵەتێکی دیکە، لە هەموو ئەو ماف و ئازادیی‌یانەی کە لەو بەیانییەدا هاتوون، کەڵک وەرگرێ. وێڕای ئەوە هیچ جیاوازیی‌یەک لەسەر بنەمای وەزعی سیاسیی ، ئیداریی، دادوەریی یان نێونەتەوەیی یان پێوەندیی بە وڵاتێکەوە کە زێدی ئەو کەسەبی نییە. خوا ئەو وڵاتە سەربەخۆ یان لەژێر سەرپەرشتیی‌دابێ، یان حاکمییەتەکەی بەشێوەیەک بەرتەسک‌کرابێتەوە.

لەوەبەر ئاماژەی پێکرا، زۆر ئەسڵی قانوونی ئەساسیی عێراق پێکەوە ناتەبان. بۆوێنە ڕاگەیاندنی ئایینی ئیسلام وەکو دینی رەسمیی وڵات و سەرچاوەیەکی سەرەکیی قانوون لەگەڵ ئەسلی دێموکراسیی و ئیرادەی خەلک وەکو سەرچاوەی قانوون دژبەیەکن. لەبەر ئەوە دارێژەرانی قانوونەکە شێوەی لۆژکیی دارشتنی بەیاننامە جیهانیی‌یەکەیان وەلا ناوە و ئەو تێکەڵپێکەلیی‌یە و کەمو کورتیی‌یە لە دارشتنەکەیان‌دا پێک‌هاتووە. ئەو ناتەبایی‌یە راستەوخۆ بۆ قانوونە ئەساسیی‌یەکەی کوردستانیش کە نابێ لەگەڵ قانوونی ئەساسیی عێراق ناتەبا بێ ڕاگوێزراوە.

بەندی حەوتەمی ماددەی 19 بە زمانێکی پاراو دانەرێژراوە.

ئەو بەندە بە نیوەچڵی لە ماددەی 12 بەیاننامەی مافەکانی‌مرۆڤدا وەرگیراوەو کراوە بە کوردیی.

بڕوانە:

هەموو کەسێک مافی ئەوەی هەیە رێزلە ماڵی تایبەتی ، خێزانی و ناوماڵ و هەموو پێوەندیی پێوەکردنەوەکانی بگیرێ. خانوو ماڵ و هاوشێوەیان رێزی هەیە و نابێ پێشێل بکرێن.

رێزدانان بۆ ماڵ مانایەکی نییە. رێز چییە؟ ئەو بەندە هیچ بەرپرسایەتییەک بۆ کەسێک کە بێ ئیزنی خاوەن ماڵو بێ حوکمی دادوەر لە خاوەن‌ماڵ وەژوورکەوتبێ، ماڵەکەی پشکنیبێ، لەنامەکانی ڕوانیبێ، پرس و جۆی لە کەسانێک کە لەو ماڵەبووبن کردبێ بەرپرسایەتییەک پێک‌ناهێنێ. وشەی ڕێزگرتن ئەو مانایانە ناگەیەنێ کە لە بەیاننامەی مافەکانی‌مرۆڤ‌دا هاتوون و نەپاراستنیان بە کردوەیەکی تاوانبارانە دادەنرێن.

درێژەی هەیە